www.kurdistannet.org
8:28 2006-10-21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تێبینیەک بۆ کامەران جەباری و گللەییەک بۆ کوردستان نێت ... لازیان ڕەئووف

لە ئەنفالە بەدناوەکەی ساڵی 1988 دا دوو مام و چەند ئامۆزایەکم کە هەموو دانیشتووی گوندی پەڵکانە بوون کەوتنە بەر شاڵاوی بەد ناوی ئەنفال، چارەنووسیان وەك چارەنووسی دەیان هەزار ئەنفالی تر کەوتەوە، بەڵام خۆشبەختانە پارێزراو مایەوە و ژن و منالەکان بە هەوڵ و هیمەتی خزمان حەشار دران و بەر شاڵاوەکە نەکەوتن و ڕزگار بوون...

ئەکری بۆ هەر ڕووداوێك چەندین لێکدانەوە و بۆچوونی جیاواز هەبێت، بەڵام بۆ هەر لیکدانەوەیەك پێویستە سەردەم و باری کات و ساتی ڕووداوەکە لە بەرچاو بگیرێت ئەگەرنا ئەوە لیکدانەوەکە دروست دەرناچێت و نا لۆژیکی ئەکەوێتەوە و ئەکەوینە هەڵەیەکی زەقەوە و لێکدانەوەکەش هیچ گرفتێك چارەسەر ناکات، کە ئێمە دێین و باسی سەردەمی ئەنفال ئەکەین گەر بێت و کات و سات و حاڵەتە پەشێوی و ڕۆژە تاریکەکانی ئەو ڕۆژگارە نەهێنینە بەرچاومان و بە پێی توانا فیکری و مەجال و سنوورە داخراو و بی وورەییەکانی ئەو ڕۆژگارە تێنەفکرین ئەوە ئەکەوینە هەڵەیکی زەقەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا، هەر وەك چۆن (کامەران جەباری) ناوێك تەحلیلێکی ئەلیکترۆنی بۆ ئەو ڕۆژگارە کردووە و ڕەنگە ئێستاش پێی وابێت واجبێکی کوردایەتی بە جی هێناوە، یان چارەسەری کێشەیەکی کردووە... !!!

بۆ کامەران جەباری

بەشبەحاڵ کە ڕاپۆرتەکەتم خوێندەوە یەکسەر ئەو ڕاپۆرتەم هاتەوە بیر کە لەسەردەمی ڕژێم لەسەرمان نووسرابوو و لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دەستمان کەوت، کە بابەتەکەتیان دامی و خوێندمەوە، ووتیان تۆ ئەم کامەران جەبارییە ئەناسیت؟!، من بی ڕاوەستان ووتم نەخێر نە من و نە کەسوکاری ئێمە ئەمە ناناسین چوونکە ئەمە کاری ڕاپۆرت نووسەکانە کە لەسەردەمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ ڕاپۆرتیان لەسەر خەڵك ئەنووسی و ئێمەش خەڵکی وا ناناسین، ئەمە شێوازی نووسینی بابەت نییە لە سەر تۆڕئینتەرنێت شێوازی نووسینەکەت و زمانە ناتەواوە کوردێکەت ئیحایەکی باشە بۆ ئەوەی کە بە ئاشکرا بۆمان دەرکەوێت کە لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق فێری نووسینی کوردی بوویتە، بەڵام دیارە هێشتا فێری شێوازی نووسینی کوردی نەبوویتە، بە دڵنیاییەوە حاشا لە ناسینی کەسی وەك تۆ ئەکەین و ناتناسین، لە کاتێکا کە حاشا لە ناسینی تۆ ئەکەین واتای ئەوە ئەگەیەنی مافی ئەوەت نییە لەسەر حیسابی تێکدانی پەیوەندی کەسایەتی ئێمە نەخۆت فێری نووسین بکەیت و نە کوردایەتی خۆت دەمە زەرد بکەیتەوە، کەس و کاری ئەوانەی تۆ کردووتە بە چرای فیکری تاریکی خۆت خاوەنی خەڵکی شارەزان لە نووسین و یاسا و ئینتەرنێت و هەر خاوەنی ئەو کەسە ئەنفال کراوانە خاوەنی چەندین ماڵپەری سیاسی و هونەرین و خاوەنی ژوورن لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و کەسی بە توانا و باشیان هەیە لە کەمپینی دادگایی کردنی ئەو کوردانەی دەستیان لە ئەنفال کردن هەبووە، بۆیە هیچ پێویستیان بەو ڕاپۆرتە سەقەت و تەحلیلە نا مەنتقیی و زمانە ناپاراوە کوردیەی تۆ نییە...

تۆ دوو کەسی زۆر باشی پەڵکانەت تۆمەتبار کردووە کە تەنها ڕاپۆرت نووسێکی وەك تۆ ئەتوانی بەو شێوەیە ناو و ناوبانگی بنەماڵەیەك ناشرین بکات (شێخ عبداللە) کە تۆ بەو شێوازە نا بەجێیە باست کردووە بۆ خۆشحاڵی ئێستاش لە نێو هەموو خزمان زۆر خۆشەویستە و هەر پرس و ڕایەك هەبێت ڕای وەر ئەگیرێت باشترین بەڵگە ئەوەیە کە ساڵی پار کە هاتەوە لە 3\14 هەموو خزمانی پەڵکانە بە خۆشی هاتنەوەی شێخ عبداللە لە پەڵکانە کۆبوونەوە و هەر هەمووشیان کەس و کاری ئەو ئەنفالانە بوون کە تۆ ناوت هێناون، باشە گەر شێخ عبداللە دەسی هەیە لە ئەنفال کردنی ئەو کەسانە چۆن

8:28 21-10-2006به‌كاتی ناوه‌ندی ئه‌وروپا

هه‌موویان به‌ خۆشی ئه‌وه‌وه‌ كۆ ئه‌بنه‌وه‌ له‌ یه‌ك رۆژدا و تاكو ئێستاش باس ئه‌و رۆژه‌ ئه‌كرێت بۆ خۆشی، تۆ بزانیت یان نا و پێت خۆش بێت یان نا شێخ عبدالله‌ زۆر گوێی لی را ئه‌گیرێت و زۆر حیسابی بۆ ئه‌كرێت له‌ نێو خزماندا و كه‌سایه‌تییه‌كی دیار و به‌ ناوبانگی نێو بنه‌ماڵكه‌مانه‌، وه‌ سه‌باره‌ت به‌ شێخ عه‌لی به‌ هه‌مان شێوه‌ خاوه‌نی رێزێكی تایبه‌ته‌ و پشت و په‌نای بنه‌ماڵه‌كه‌ن ئه‌و دوو به‌رێزه‌ و نووسینه‌كه‌ی تۆ هیچ له‌ به‌ها و گه‌وره‌یی كه‌سایه‌تی ئه‌و دوو به‌رێزه‌مان، ئێمه‌ی خزمان و كه‌س و كاری ئه‌و ئه‌نفال كراوانه‌ پێمان وایه‌ ئه‌مه‌ ناو زڕاندنی بنه‌ماڵه‌كه‌مانه‌، چوونكه‌ی دوو كه‌سایه‌تی زۆر باشی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی و خاوه‌ن هه‌ڵوێست و رابردووی پاكی كوردایه‌تی بنه‌ماڵه‌كه‌ت هه‌ڵبژاردووه‌ و هه‌میشه‌ كار و كرده‌وه‌ و كه‌سایه‌تی ئه‌و دوو به‌رێزه‌مان مایه‌ی شانازی ئێمه‌ بوونه‌ و هه‌میشه‌ پشت و په‌نامان بوونه‌ له‌ هه‌موو ناهه‌مواری و ته‌نگانه‌كانماندا، بۆیه‌ له‌سه‌ر ڕاسپارده‌ی خانواده‌ی ئه‌وانه‌ی ناوت هێناون به‌ توندی نووسینه‌كه‌ت مه‌حكوم ئه‌كه‌ین و گلله‌یی خۆمانیش ئاڕاسته‌ی ماڵپه‌ڕی كوردستان نێت ئه‌كه‌ین كه‌ ڕێگا به‌ كه‌سانی وه‌ك كامه‌ران جه‌باری ئه‌دات به‌ بی ئاگاداری ئێمه‌ و به‌ بی هیچ بنه‌مایه‌كی ڕاستی ڕاپۆرت له‌سه‌ر خه‌ڵك ئه‌نووسێت و، بۆ چه‌ندین جاری تر دووپاتی ئه‌كه‌ینه‌وه‌ كه‌ شێخ عبدالله‌به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك خه‌تابار نییه‌ له‌ ئه‌نفال كردنی كه‌سه‌كانی ئێمه‌ و ته‌نها مه‌به‌ستی یارمه‌تی دانی ئێمه‌ بووه‌ و، سه‌باره‌ت به‌ شێخ عه‌لی له‌وكاته‌دا له‌ ناوشار نه‌بوو و له‌گه‌ڵ پێشمه‌رگه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ بوو...

نووسینه‌كه‌ی كامه‌ران زۆر هه‌ڵئه‌گری، به‌ڵام من پێم وا نییه‌ پێویستی به‌ وڵام هه‌بێت چوونكه‌ی ئامانجێكی دیاری كراوی هه‌یه‌ له‌ نووسینه‌كه‌ی، بۆیه‌ له‌گه‌ڵ دووباره‌ مه‌حكوم كردنه‌وه‌ی نووسینه‌كه‌ی كۆتایی به‌ نووسینه‌كه‌ ئه‌هێنم...

Lazian rauf
Lazian980@hotmail. com